وەزارەتی ناوخۆی ئێران: تەقینەوەکەی بەندەر عەباس بەهۆی کەمتەرخەمی رووویدا

وەزارەتی ناوخۆی ئێران رایگەیاند، تەقینەوەکەی بەندەری بازرگانی وا تەکەیان رووویدا، بەهۆی کەمتەرخەمی و رەزنەگرتن لە رەوشونە ئەمنییەکان بووە.

ئەمە دووشەممە ٢٨ـی نیسانی ٢٠٢٥، ئەسکەندەر موئمنی، وەزیری ناوخۆی ئێران لە لەدوانەکیدا بە تەلەفزیۆنی فەرمی ئێران وتی، ناسنامەی بەشێک لە بەرپرسیاران دیاریکراون و دەستگیرکراون، کەمتەرخەمی هەبووە، بەتایبەتی پابەندنەبوون بە رەکارە ئەمنییەکان و کەمتەرخەمی لەلایەن بەرگری شارستانییەوە.

هاوکات، ئەمە دووشەممە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بەردەوام بوون لە کارکانیان بە کوژاندنەوەی ئاگرەکە لە بەندەری رەجایی، کە گەورەترین بەندەری بازرگانی ئێرانە، دوای دوو رۆژ لە تەقینەوەیەکی گەورە، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ٦٥ کەس، بەپێی دواین ئاماری ژمارەی کوژراوان کە ئەمە راگەیەندرا.

هاوکات ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ئێران رایگەیاند، بەرپرسی ئیدارەی ئاگرکوژێنەوەی بەندەرعەباس ئاماژەی بەوەکردووە، لە سەدا ٩٠ی ئاگرەکە کوژێنراوەتەوە، تەنیا لە سەدا ١٠ی ماوە، تیمەکەی

سرقالی کوژاندوو فدانی پاشماوکانن.